

# PALINGSWICK HOUSE LTD

## A HERITAGE ASSET AND CENTRE FOR COMMUNITY ORGANISATIONS

241 KING ST, LONDON W6 9LP, PHONE 020 8741 5683/6162
EMAIL: **phlmgt@talktalkbusiness.net**

**مێژوو: Palingswick House جێگایێکی مێژووییە کە جاران بە Buhl House دەناسرا و لە سەر زەوییێك بنیاتنرابوو کە موڵکی لویس مولتجە بوو (فەرمانبەری چێشتخانەی پاشا جۆرجی پێنجەم). پاشان موڵکەکە بە میرات مایەوە لە ناو خێزانی ویلتجە/بوهل تاکو بارناباس سی ستیل کڕی و ناوی نا *Marlesford Lodge* . خێزانی ستیل لە ساڵەکانی دوایی 1840 ەکانەوە تا مردنی لە 1872 تیایدا ژیان تاکو موڵکەکە بۆ منداڵەکانی مایەوە.**

**لە 1882 ئەم ماڵە خێزانییە و حەوشەکەی کە بە *Marlesford Lodge* ناسرابوو درا بە کرێ بۆ بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی کێنسینگتۆن بۆ ماوەی 80 ساڵ و لەلایەن ئەندازیاری بیناساز ئەی سی هارستۆنەوە نوێکرایەوە و کرا بە قوتابخانەی هەتیوان و منداڵی دی کە لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرییێتی چاودێراندا بوون. موڵکەکە پاشان درا بە ئەنجومەنی شاری لەندەن و لە 1945 هێربەرت مۆریسن، وەزیری ناوخۆ، سەردانی قوتابخانەکەی کرد. لە 1954 *Marlesford Lodge* درا بە ئەنجومەنی لەندەنی گەورە و ناوینرا بە Palingswick House وەك هۆستلێکی منداڵانی نەخۆشی شەکەری و تا داخستنی لە 1980 بەو شێوەیە مایەوە.**

**لە 1982 ئەنجومەنی لەندەنی گەورە Palingswick House ی بەخشی بە ڕێکخراوی خێرخوازی Palingswick House (PHL) وەك مەڵبەندێك بۆ بۆ ڕێکخراوە خۆکار و کۆمەکیەکانی هامەرسمیس و فولهام. ئەم خێرخوازیە لەلایەن کۆمەڵێك گرۆی خۆکارەوە پێکهات کە چەنکێکی باشی پارەیان کۆکردەوە بۆ نوێکردنەوەی بیناکە.**

**بەکارهێنانی ئێستا: لە 1982 ەوە Palingswick House جێگەی ئۆفیسی داوە بۆ نزیکەی 22 ڕێکخراوی کۆمەکی کە لەگەڵ دانیشتوانی هامەرسمیس و فولهام و شارەوانیەکانی دراوسێی بۆ ئەو خەڵکە هەمەڕەگەزانەی کە پێویستیان بە پرسیار و کۆمەکە سەبارەت بە مەشقکردن و کار و گواستنەوە و وەرگێڕی زمان و کۆمەکی پشووی خێزان و چاودێری و پیری و چالاکی دیکە. Palingswick House سەرەرای ئەوەش هۆڵی ڕووناك و فێنکی تێدایە بۆ کۆبوونەوە و مەشقکردن و وانەی زیندوو و راوێژکاری و شوێنی نواندن و چالاکی تێکەڵبوون.**

**بیناکە لە شوێنێکی باشی نزیك بە گواستنەوەی گشتیە و شوێنی چوونەژوورەوەی تایبەتی هەیە بۆ کەمئەندامان بۆ نهۆمەکانی سەرزەوی و خوارزەوی. ئەمەش لەگەڵ یاسای جیوازینەکردنی کەمئەنداماندا دەگونجێ و لەلایەن ڕێکخراوی خۆکار و فەرمیدا بۆ کۆبوونەوە و مەشقکردن بەکرێ دەگیرێت.**

**لە حوزەیرانی 2010 Palingswick House لەلایەن مارگرێت دایسۆنەوە سەردانی کرا کە باوکی لە 1912 دا خرابوە ئەوێ چونکە دایکی بێوەژنی نەیدەتوانی سەرپەرشتی بکات. خاتوو دایسۆن گوتی: "باوکم هەر لە تەمەنی هەشت ساڵیەوە خرابووە ئێرە و لێرە فێری بەهرەکانی ژیان بوو. لێرە سیستمێکی باش هەبوو بۆ قورتارکردنی خەڵك لە هەژاری و ئامادەکردنیان بۆ ژیان".**

**ڕەوشت بەردی بناغەی خزمەتگوزاریەکانی گرۆکانی خۆکارە کە لە Palingswick House دا کاردەکەن و نزیکەی 2145 کەس هەموو مانگێك رووی تێدەکەن بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاریەکانی.**

**لەدەستچوونی ئەم خزمەتگوزاریە بنەڕەتیە کاردەکاتە سەر 25750 کەس هەموو ساڵێك!**

بابەتی سکالآ

ئێمەی ئیمزاکەرانی خوارەوە زۆر پەرۆشی لەدەستچوونی خزمەتگوزاریەکانی کۆمەك و پاشان لەدەستچوون یا کەمکردنەوەی ئەو خزمەنگوزاریانەی کە لەسەرەنجامی پێشنیاری فرۆشتنی ئەو بینایانەوە دێتەکایەوە کە ئێستا چەند رێکخراوێکی تێدایە کە خزمەتگوزاری بەهادار پێشکەشی خەلك دەکەن.

ئێمە بەتایبەت داوا لە شارەوانی هامەرسمیس و فولهام دەکەین کە ئەو شوێنە بنەڕەتیە بهێلێتەوە بۆ رێکخراوە کۆمەکیەکان چ ئەوانەی لە Palingswick House یان لە شوێنەکانی دی ناوچەقی هامەرسمیسدان.

سەرەڕای ئەوەش ئێمە داواکارین کە راوێژکاری سەربەخۆ ئەنجام بدرێت سەبارەت هەر بینایەك کە بۆ فرۆشتن دانراوە و تیایاندا ئێستا رێکخراوی خۆکار خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن.

تکایە تێبینی ئەوە بکەن کە بۆ ئەوەی ئەم سکالآیە سەرکەوتوو بێت پێویستە پۆست کۆدەکانی هامەرسمیس و فولهام بنووسرێن.

- تەنیا ئەو کەسانەی کە لە هامەرسمیس و فولهام دەژین یا کاردەکەن یا دەخوێنن بۆیان هەیە کە سکالآکە ئیمزا بکەن
- دەبێ پۆست کۆد و ژمارەی خانووی خۆتان لە هامەرسمیس و فولهام بنووسن
- یان
- ناو و پۆست کۆدی خاوەن کاری خۆتان لە هامەرسمیس و فولهام بنووسن
- یان
- ناوی شوێنی خوێندنتان لە هامەرسمیس و فولهام لەگەڵ پۆست کۆدەکەی بنووسن تاکو ئیمزاکەتان نەفەوتێت.

تاکو ئەنجومەنی شارەوانی بتوانێت وتووێژ لەسەر بڕیارەکە بکات دەبێ 5000 ئیمزای شایستە کۆبکەینەوە!!

تکایە یارمەتیمان بدەن بۆ کۆکردنەوەی ئەو ئیمزایانە.

h&f
putting residents first

APPENDIX

## PETITION FORM

| PLEASE PRINT THE NAME AND CONTACT DETAILS OF THE ORGANISER OF THE PETITION (who must live, work or study in the borough) | |
|---|---|
| Name: | |
| Address: | |
| | |
| Postcode: | |
| Telephone: | E-mail: |

| PETITIONERS WHO LIVE, WORK OR STUDY IN THIS BOROUGH SHOULD GIVE THEIR NAMES AND ADDRESSES BELOW | | |
|---|---|---|
| **Name** | **Address in Hammersmith and Fulham:**<br>• Where you live in the borough, <u>or</u><br>• The name and address of your employer in the borough, <u>or</u><br>• The name and address of where you study in the borough<br><br>NB. Postcode is mandatory | **E-mail address**<br><br><u>or</u> signature (if posted or hand delivered) |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| Carry on with a separate sheet if you wish. | | |
| WHAT IS THE SUBJECT OF THE PETITION? | | |
| | | |